بووش : ئەگەر لە عێراق بشکێین، دوژمن تا ئێرە بە دوامانەوە دێ!

وەرگێرانی : ئاکۆ مەجید

جۆرج دەبلیو بووشی سەرکۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای راگەیاندنی ستراتیژی نوێی لە عێراق ، رۆژی چوارشەمەی رابردوو هەواڵی ناردنی بیست و یەک هەزارو پێنج سەد سەربازی سەرڕاست کردەوە . بووش لە شوێنی حەوانەوەی خۆی لە "کام دێڤید"دا دیمانەیەکی لەگەڵ هەواڵنێری کەناڵی بی بی سی کرد ، لەو شوێنەی کە ساڵی ٢٠٠١ بەرنامەڕێژی بۆ هێرش کردنە سەر ئەفگانستان کرا . دیمانەی پەیامنێرەکە لەوێ بەم شێوەیە بوو:

بی بی سی : دەڵێن لێرە لەم ژوورەدا تۆو کابینەکەت بڕیارتاندا جەنگی دژ بە تیرۆریزم دەست پێبکەن ، ئەو کاتە خەڵک لەگەڵ تۆ دابوون ، ئێستا وا دەبینرێ کە ئەوانت لە دەست داوە ، چ هزرێک دەکەیت ؟

بووش : جەنگی تیرۆریزم لە شەقامەکانی نیۆیۆرکەوە دەستی پێکرد ، کاتێ دوژمن هێرشی کردە سەرمان ، بەڵام تۆ راست دەڵێی ، ئێمە هاتینە ئێرە تا بۆ هێرشی پێچەوانە بەرنامەڕێژی بکەین ، جەنگی عێراق ئەوێ رۆژێ وەکو ئێمە ئومێدمان هەبوو بەرەو پێشەوە نەدەچوو . هەڵبەت ساڵی ٢٠٠٥ بە سەرکەوتنێکی باش گەیشتین ، هزر دەکەم دووبارە بە رەوشێک دەگەین کە بتوانین بوونمان لە عێراق کەم بکەینەوە . بە بڕوای من ئەو ساڵانە ئێمە بەرەو پێشەوە رۆیشتووین ، رەوشی ئابووریمان باشە ، خەڵک تا ئێستاش کۆمەک بە دراوسێکانیان دەکەن ، ئەگەرچی ئەوان دڵساردن و پشتیوانی لە رەوشی ئێستا ناکەن .

بی بی سی: زۆرینەی ئەمریکەیەکان ئێستا باوەڕیان بە جەنگی عێراق نیە ، ئەوان دەیانەوێ تۆ پاشەکشە بکەیت !

بووش : هیوادارم لێمان بخوازن پێش کشانەوە سەربکەوین ، ئەوکات من ناچار بووم بڕیار بدەم ، وێڕای ئەوەی رووبەڕووی خەزێنەیەکی زۆر ببوومەوە ، یەکێ لەوان دەست لەسەر دەست دانان بوو . من هزر دەکەم ئەمە پێشوازیکردن نیە ، من پێمایە زۆرینەی ئەمریکیەکان لەگەڵ من هاوڕان ، هەڵبەت دوای فەرمانی هێرشەکە هەمیشە بیرم لە رێگەی دەربازبوون لە عێراق کردۆتەوە .

بی بی سی: بە راستی ؟

بووش : بەڵێ ، بەبێ گومان . من لەگەڵ ئەندامانی پایەبەرزی کۆنگرەی هەردوو حزب قسەم کردووە ، هەندێکیان بەمنیان گوت هەر ئێستا پاشەکشە بکە، بەڵام بە بڕوای من ئەگەر ئێستا لە عێراق دەربچین ئەو وڵاتە بۆ قەیران رەها دەکەین ، تەنیا عێراق نیە ، شکانمان لە عێراق دوژمنەکانمان بوێرتر دەکات ، دوژمنەکان قاعیدەو تووندڕۆکانن ، شکان لە عێراق دەبێتە هۆکاری بە هێزبوونی ئێران ، ئەگەر ئێمە تێکبشکێین عێراق دەبێتە پەناگەی ئەوانەی کە دەیانەوێ هێرشمان بۆ بکەن ، بە دەربڕینێکی دیکە بەڵگەی زۆر هەیە کە ناچارمان دەکات لە عێراق بمێنینەوە .

بی بی سی: لەو باوەڕەدایت کە شکان لە عێراق هەموو ناوچەکە رووبەڕووی تێکهەڵچوون بکاتەوە ، عێراق ، ئێران ، عەرەبستانی سعودی و کوێت ؟

بووش : دوودڵ نیم ، دەزانم ئەم خاڵە بۆ ژمارەیەک لە ئەمریکیەکان سەختە ، بە واژەیەک روانگەی من بۆ جەنگی ئێستا بە روونی ئاشکرا دەکات : ئەگەر لە عێراق بشکێین، دوژمن تا ئێرە بە دوامانەوە دێ ، من لەو باوەڕەدام هەرچی لە رۆژهەڵاتی ناڤین روو دەدات پەیوەندی بە نیشتمانی دایکمانەوە هەیە . کابینەکانی دیکە رووبەڕووی ئەو گرفتە نەببوونەوە ، قەیرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست راستەوخۆ تووندڕۆکان ئەوانەی نەفرەتیان لە ئەمریکا هەیە ، بە هێز دەکات . ئەوان دەتوانن هێزی نوێ رابکشێن ، ئەوان دەتوانن خۆکوژانی بۆمبێژکراو پەیدا بکەن ، ئەو تووندڕۆیانە لە کاتی شکانی ئێمەدا دەتوانن دەوڵەتەکانی مۆدێرن سەرنگون بکەن و دەستیان بە سەرچاوەی هێزی ئەتۆمی بگات . ئەوان نەخشەیان هەیە ، ئەوان لەو باوەڕەدان کە مرۆڤکوشتن بۆ مەزنکردنی بیروباوەڕی خۆیان سوودی لێوەربگرن . زۆرێک دەڵێن : ئەو رووداوانە چ پێوەندی بە ئێمەوە هەیە ؟ تۆ لە شەڕی سەدام رزگارت بوو! لێگەڕی ئەوان چیان دەوێ با بیکەن ، لێگەڕی بکەونە گیانی یەکتریەوە . ئەم بیرۆکەیە زۆرێک بیریان لێکردۆتەوە . بەڵام ئەگەر ئێمە لە عێراق سەرنەکەوین . واتای ئەوەیە رۆژهەڵاتی ناڤین رادەست دەکەین تا داهاتووی ئەمریکا لە مەترسی هەڵبکێشرێ .

بی بی سی: بەڵام نا جێگری ئێستا عێراق هەرەشە لە سەرتاسەری ناوچەکە دەکات !

بووش : ئەگەر عێراق پارچە بێ ، تووندوتیژی تایفەگەری وا لە وڵاتانی ناوچەکە دەکات کە دەست تێوەردان بکەن . ئێران پارێزگاری لە شیعەکان دەکات ، سوننە تووندڕۆکان بە پشتیوانی وڵاتە سونەکانەوە دەست بەکار دەکەن ، بزاڤی جیاخوازی کوردستان بەهەمان شێوە بەهێز دەبێ، ئەم کێشمەکێشمە گورز لە دەوڵەتان و خەڵکی میانەڕۆ دەدات ، ئەوانەش لە کۆتاییدا بە هێرش بۆ سەر خاکی وڵاتە یەکگرتووەکان تەواو دەبێ .

بی بی سی : مەگەر دەوڵەتی ئێوە مایەی ئەم ناجێگیربوونەی عێراق نەبووە؟

بووش : باش ، دەوڵەتی ئێمە لە دابینکردنی ئاسایش و جێگیربوونی عێراق بەرپرسیارە . جیهان لەو باوەڕەدابوو بە مانەوەی سەدام کە دەیویست بۆ کێبەرکێ لەگەڵ دراوسێکانی بۆمبی ئەتۆمی دروست بکات ترسناکە ، من لەو باوەڕەدام کە بڕیاری من بۆ رووخاندنی سەدام ژیرانە بوو ، ئێمە ئەو چەکانەم پەیدا نەکردن کە پێمانوابوو سەدام هەیەتی ، بەڵام دیسانیشەوە سەرچاوەی نائارامی ناوچەکە بوو .

بی بی سی: بەڵام بەڕێز سەرکۆمار ئێستا عێراق ناجێگیرترە!

بووش : بەڵێ.. هەندێک بڕیار وایکردووە رەوش ناجێگیر بێ ، پرسیار ئەوەیە ئایا دەتوانین سەربکەوین ؟ من پێمایە دەتوانین ، تۆ سەیر بکە من دەمەوێ عێراق جێگیر و یەگرتوو بێ ، دیموکراسی لاو بێگومان جێگیری بەرهەم دێنێ . من بە ئێوە دەڵێم ئەگەر ئێمە بەرانبەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بێباک بین ، نابێ هیوامان بەوە هەبێ کە خۆکوژەکان جارێکی دیکە سواری فڕۆکە نابن و هێرشمان بۆ ناکەنەوە .

بی بی سی: تۆ لە وتەکانی رۆژی چوارشەممەدا ئاماژەتان بە هەڵەکانی خۆتان کرد، دەربارەی کام هەڵە قسەتان دەکرد؟

بووش : پێشتر لەگەڵ ئەو هەڵانەدا دەست وپەنجەمان نەرم کردبوو ، ئەبوغریب هەڵەیەک بوو . ئاوازە تووندەکانی من لە هەندێ کاتدا هەڵەبوون . من پێمایە ئەگەر مێژوو بۆ دواوە بگەڕێتەوە ، دەبینی کە ئێمە بۆ ئەنجامی باشتری هەندێک کارمان رێگەی باشترمان لە پێشدا هەیە ، ئەمە دوودڵی تێدا نیە .

بی بی سی: سەبارەی بە ژمارەی سەربازانی ئەمریکی !

بووش : ئێمە هەڵەمان کرد .

بی بی سی: هەڵەت کرد؟

بووش : بەڵێ ! ژەنەرال ژۆن ئەبی زێد یەکێک لە داڕێژەرانی شەڕ لەبەردەم کۆنگرە ئاشکرای کرد کە لە کاتی هێرش و پاش داگیرکردن دەبوایە ئێمە سەربازی زیاترمان رەوانەی ناوچەکە بکردبایە . من ئێستا نیگام لەسەر داهاتووە ، بە دوو هۆ بەرپرسیاریتی هەڵەکان پەسند دەکەم ؛ یەکەم ئەمە ئەرکی فەرماندەی گشتی هێزەکانە ، دووەم من نامەوێ خەڵک سوپا بە کەمتەرخەم بزانن . ئێمە سەربازی باشمان هەیە کە ئەو کارانەیان ئەنجام داوە کە من لێم خواستوون . دوو دڵییەک هەمیشە بوونی هەیە کە کەمتەرخەمێک بدۆزینەوە . باشە ئەگەر خەڵک بە دوای کەسێک دەگەڕێن کە هەموو کەمتەرخەمیەکان بخەنە ئەستۆی ئەو ، با من هەڵبژێرن ، بەهۆی ئەوەی من بڕیارم داوە ، بیر لەوە نەکەیتەوە کە ئێمە بە هۆی ئەوەی کارەکان بە شێوەیەکی باش ئەنجام نەدراون قەرزاری ئەوەین کە داوای بووردن لە خەڵکی عێراق بخوازین ؟

بی بی سی: ئەمریکا دوای داگیرکردن نەیتوانی ئاسایش بۆ عێراق بگێڕێتەوە؟

بووش : هەرگیز، من شانازی بە کۆششەکانی خۆم دەکەم ، ئێمە ئەو وڵاتەمان لە جەنگی دیکتاتۆرێک رزگار کرد . من پێمایە کە دەبێ عێراقیەکان رێزمان لێبگرن ، من لەو باوەڕەدام ژمارەیەکی زۆر ئەو راستیە رادەگەیەنن . ئەوان دەزانن ئێمە بۆ کۆمەک بەوان گیانبازی گەورەمان کردووە ، ئەمریکیەکان لەوە نیگەرانن کە ئایا عێراقیەکان حەزیان لەوەیە کە بۆ ئازادی سوود لەم ئەزموونە دیموکراسیە وەربگرن ؟ ئایا ئەوان بە ئەندازەی پێویست تێدەکۆشن ؟

بی بی سی: بەڕێز سەرکۆمار ،ئێوە بۆ سەرکەوتنی نوری مالیکی سەرۆکوەزیران قومارێکی گەورەتان کرد ، چۆن بیر دەکەیتەوە کە ئەو دەتوانێ ؟

بووش : راستیەکەی من بۆ دەوڵەتێکی یەکێتی نیشتمانی کە مالیکی سەرۆکیەتی پێوانە دەکەم ، سەرۆک وەزیران و دیتران کە قسەمان لەگەڵدا دەکەن هەست بەوە دەکەن کە سەبری ئێمە هەمیشەیی نیە .

بی بی سی: رێگە بدە قسە بکەین ، بە مالیکیت گوت دەبێ چی بکات ؟

بووش : پێمگوت کە ئێستا کاری دەستپێکردنە . مالیکی دەبی سوپا ئامادە بکات ، بە تایبەتی لەنێو شاری بەغداد ، ئێمە پشتیوانی لێدەکەین . بەو هۆیەشەوە سەربازی زیاتر رەوانەی بەغداد کرا. بە مالیکیم گوت کاتێ سەربازانی ئێمە کۆمەکی سەربازانی تۆ دەکەن تۆ ناتوانی بچیە بەردەم تەلەفۆن و بە هۆی پاساوی سیاسیەوە راوەدوونانی بکوژان راوەستێنی . زۆر جاران وا رووبداوە کە سەربازانی ئێمە بە دوای مرۆڤ کوژانەوە رۆیشتوون کەچی ئەو بە هۆی پاساوی سیاسیەوە پێشی لە چالاکیەکان گرتووە . مرۆڤکوژ ، مرۆڤکوژە . ئێمە چاوەروانیمان لە دەوڵەتی ئەوەیە کە بۆ گێڕانەوەی ئاسایشی شاری بەغداد هەم رووبەڕووی شیعەکان ، هەم رووبەڕووی سوننەکان بێتەوە . ئێمە لەوانمان دەوێ بۆ هەڵبژێرن شوێنێک دیار بکەن .تێکهەڵچوونەکانی تایفەگەری لە بەغداد لەمەوپێش لە کۆنترۆڵ دەرچووبوو ، بەوهۆیەوە سەربازی زیاتر رەوانەی عێراق دەکەین .

مرۆڤانی دروستکار لە کۆنگرە هەن کە دەڵێن دەبێ بکشێینەوە . من دەڵێم ئێستا کاتی کشانەوە نیە ، ئێستا دەبێ کۆمەک بە دەوڵەتی عێراق بکەین تا کۆنترۆڵ بەدەستەوە بگرێ .

بی بی سی: ئایا موقتەدا سەدر دوژمنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە ؟

بووش : هەرکەسێ کە بێ گوناهان دەکوژێ یا هیواکانی خەڵکی عێراق و ئەمریکا بە بێهیوایی دەگۆڕێتەوە دوژمنی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە .

بی بی سی: کاتێ لایەنگرانی سەدر سەربازانی ئەمریکایان دەکوشت من لە نەجەف بووم .

بووش : راستە ، بەڵام لەبیرتە کە ئێمەش لەوانمان کوشت .

بی بی سی: ئایا موقتەدا دوژمنی ئەمریکایە ؟

بووش : ئەگەر ئەو فەرمانی کوشتنی کەسەکانی ئێمە بدات ، بەڵێ .

بی بی سی: بەبێ سەدر دەوڵەتی مالیکی بوونی نیە .

بووش :مالیکی بە فەرمی گوتوویەتی یا سوپای مەهدی چەکەکانیان دابنێن یان لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکی و عێراقی رووبەڕوو ببنەوە ، ئێمە ئەوان بۆ ئەو کارە ناچار دەکەین .

بی بی سی: پێتوانیە کە موقتەدا لە دەوڵەت هەمە کارەیە ؟

بووش : دەیەوێ ببێ ، بەڵام نیە .

بی بی سی: فیلمی هەڵواسینی سەدام دیت ؟

بووش : بەشێک لەو .

بی بی سی: چ هەستێکت هەیە؟

بووش : من بیرم کردەوە کە هەڵواسینی ئەو تۆزێک جێگەی دڵی سارد کردنەوەبوو ، دەیانتوانی باشتر ئەنجامی بدەن ، زۆر گرنگ بوو کە بەشێکی مێژووی عێراق دەپێچرایەوە .

بی بی سی: بەڵام لەوانەیە هەستت بە خۆشی کردبێ چونکە ئەو پیاوە بۆ ماوەیەکی درێژ گرفتی بۆ دروست دەکردن ، وانیە ؟

بووش : لە راستیدا نا . من کاتێک هەستم بە خۆشی کرد کە دەستگیرمان کرد . من هەستی تۆڵەکردنەوەم نیە ، کەسێکی داخ لە دڵ نیم ، خۆشحاڵم کە دادپەروەری سەبارەت بە سەدام ئەنجام درا .

بی بی سی: من تۆزێک سەرەڕۆم ، فیلمی هەڵواسینی سەدامت لە کوێ دیت ؟

بووش : لە ئینتەرنێت .

بی بی سی: بە دوایدا گەڕایت و تەماشات کرد ؟

بووش : نا کەسێک بەشێکی ئەو فیلمەی پێشاندام ، نەمویست هەمووی ببینم .

بی بی سی: بەشێکی دیوە ، مەبەستتان چییە ؟

بووش : پێمایە ناتوانم هاوارەکانی چرکەی هەڵواسین و کاتی کردنەوەی دەریچەم گوێ لێبێ . ئەمانەم نەدیت .

بی بی سی: پێتوایە کە کۆنگرە دەتوانێ پێش لە زیادکردنی بودجە بۆ رەوانە کردنی سەربازی زیاتر بۆ عێراق بگرێ؟ ئایا دەتوانن راتوەستێنن ؟

بووش : من وا دادەنێم ئەمە یەکێک لە خەزێنەکانی ئەوان بێ . لەو کاتەدا من رووبەڕوویان دەبمەوە. چونکە بیر دەکەمەوە کاتێ ئێوە گیانی سەربازێک لە مەترسی دادەنێن لە کاتێکدا ئەو توانای تەواوی هەیە .

بی بی سی: دیموکراتخوازەکان گوتیان پشتیوانی لەو سەربازانە دەکەن کە لە عێراق جێگیرن بەڵام ٢٠ هەزار سەربازیان سنووردار کرد؟

بووش : من بەرگری دەکەم . ئەمە واتای ئەوەیە کە ئەوان پێشنیارێک کە من باوەڕم پێی هەیە و قەیرانەکان کەم دەکاتەوە ئەوان پشتیوانی لێناکەن ، ئەوان نایانەوێ دەرفەت بە ئێمە بدەن .

بی بی سی: پێتوایە وەک فەرماندەی گشتی هێزەکان دەتوانیت بەبێ رەزامەندی کۆنگرە سەربازی زیاتر رەوانەی عێراق بکەیت ؟

بووش : لەم رەوشەدا بەڵێ ، من دەتوانم ، دەزانم ئەوان کۆشش دەکەن تا رێگەم لێگرن ، بەڵام من بڕیاری خۆم داوەو بەرەو پێشەوە دەڕۆین .

بی بی سی: باشتر دەزانیت کە ژمارەیەکی زۆر لە ئەمریکیەکان لەو باوەڕەدان کە دەوڵەت راستگۆ نەبووە ، چی بەوانە دەڵێی ؟

بووش : لە چ بوارێکەوە ؟

بی بی سی: باشە ، بۆ نموونە چەکی کۆمەڵکوژی سەدام ! چەکێک لە گۆڕێ دانەبووە !

بووش : ئەمە راستە .

بی بی سی: هیچ پێوەندی لەنێوان عێراق و یازدەی سێپتێمبەر نەبووە ؟

بووش : راستە

بی بی سی: دەوڵەت گوتبووی کە جەنگ پەنجا تا شەست ملیار دۆلاری پێویستە کەچی ئێستا ئەم ژمارەیە بە چوارسەد ملیار گەیشتووە !

بووش : تەواو بوو .

بی بی سی: بەڕێز سەرکۆمار هەستی رای گشتی سەبارەت بە راستگۆیی تەواو لەم خاڵانەوە نەرێنییە؟

بووش : من دژم، لەو کاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە خەڵک ، چ دیموکراتیخواز چ کۆماریخواز لەو باوەڕەدابوون کە عێراق چەکی کۆمەڵکوژی هەیە ، ئێمە لەگەڵ خەڵک راستگۆ بووین ، هەر ئەو چرکەیەی کە تێگەیشتین کە سەدام چەکی کۆکوژی نەبووە ئەوەمان راگەیاند .

بی بی سی: مەبەستت ئەوەیە هەڵەتان کردووە بەڵام درۆتان نەکردووە ؟

بووش : رێک ئەوەیە .

بی بی سی: ئەو چرکەیەی کە زانیت چەکی کۆکوژی لە عێراق بوونی نیە ، چ هەستێکت هەبوو؟

بووش : بەخۆم گوت واتە لە جێگەیەک هەڵە هەبووە ، ئێمە بۆ سەرکەوتن لە جەنگی دژ بە تیرۆریزم پشتمان بە زانیاریەکانی دەزگەیێکی بەهێز بەستبوو ، حسابمان بۆ ئەو دەزگەیە کردبوو .

بی بی سی: خەڵک تا چەند بە سەرکەوتنی ستراتیژی نوێ هیوادارین ؟

بووش : حکومەتی عێراق گفتی داوە کە بەخێرایی کار بکات . مالیکی بە منی گوتووە کە بە زوویی ژەنەرالێک وەک فەرماندەیی هێزەکانی بەغداد دادەمەزرێنێ .

بووش : ئێمە هەڵەمان کرد

ئێمەش چەند هەفتەیەک چاوەروان دەبین تا ببینین ئایا حکومەتی عێراق بەهەموو تواناکانیەوە ستراتیژی نوێ جێبەجێ دەکات یا نا !

بی بی سی: رۆڵی ئێران لە رووداوەکانی عێراق چییە ؟

بووش : لە دیدی ئێمەوە ئێرانیەکان کۆمەک بۆ شیعەکانی عێراق رەوانە دەکەن . ئەمە پەسند ناکرێ ، هەمان شت کە شەوی چوارشەممە گوتم کە ئێمە پارێزگاری لە خۆمان دەکەین ، ئێمە ئەوان دەدۆزینەوەو رادەستی دادوەریان دەکەین .

بی بی سی: ئایا ئەم کارانەی ئێرانیەکان راگەیاندنی جەنگ بە دژی ئەمریکایە ؟

بووش : من پارێزەر نیم ، بەڵام تەنیا دەڵێم ئەمە پەسند ناکرێ.

بی بی سی: ئێستا چ پەیامێکتان بۆ سەرکۆماری ئێران هەیە ؟

بووش : پێی دەڵێم بڕیارەکانی تۆ دەبێتە هۆی لەناوچوونی ئێران . بە ئەو دەڵێم تۆ بە بۆمبی ئەتۆمی هەڕەشە لە وڵاتانی دیکەی دەکەی ، تۆ گوتوتە کە بۆمبی ئەتۆمیت دەوێ ، تۆ کەم کەم بەڵام بە دڵنیاییەوە بەرەو تیاچوون دەچیت . ئەگەر ئێمە ئێرانیەکان لە عێراق دەستگیر بکەین و بزانین کە بێگومان دەیانەوێ هەڕەشە لەسەر ئەمریکا دروست بکەن ئەوە کاتە رووبەڕوویان دەبینەوە .

بی بی سی : وەک دوایین پرسیار ، چۆن شەڕ پەرە پێدەدەیت کاتێک کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ئەمریکا دژی ئەمەن ؟

بووش : من ئەمە بۆ خەڵک روون دەکەمەوە . بەم هۆیەوە دیمانە لەگەڵ تۆ دەکەم ، یەکەم : ئاکامی شکانمان لە عێراق کاریگەری خراپ لەسەر ئاسایشی خەڵکی ئەمریکا دادەنێ . دووەم : لەم کاتەدا باشترین رێگەمان بۆ رێگری کردن لە تێکهەڵچوونی تایفی ئەوەیە کە هێزی زیاتر رەوانەی عێراق بکەین . ئەم بڕیارە بە سوودی نەوەی ئێستاو نەوەی داهاتووی ئەمریکایە . ئێمە لە یازدەی سێپتێمبەرەوە فێربووین کە هەرچی لە رۆژهەڵاتی ناڤین رووبدات کاریگەری لەسەر ئێمە دەبێ . هەمیشە دیبلۆماسیانە رەفتار ناکەین بەڵکو راوی تیرۆریستان دەنێین گورزیان لێدەدەین . دیموکراسی نوێ لە لبنان و فەلەستین و ئەفگانستان و عێراق لەلایەن تووندڕۆکانەوە لەژێر هەڕەشەدایە ، ئەم شەڕە تەواو ئایدۆلۆژیە ، شەڕی پارێزگاری لە خۆ کردنە .

سەرچاوە :
ماڵپەڕی بی بی سی